سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بە پارێزگاری هەولێر: ئێوەی پێویستە بە پاراستن و سەلامەتی گیانی هاووڵاتییان ئەنجامی بدەن

ئەمە سەشەممە 2024.3.19، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ ئومەد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، سەبارەت بەو شێپەلە بەهێزی بارانبارین کە ناوچەکەی بەگشتیی گرتەتەوە، بەدواداچوونی بە ڕەوشەکە و ئامادەکارییەکانی پارێزگای هەولێر کرد و لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە ئامادەباشی سەرجەم فەرمانگە و لایەنە پێوەندیدارەکان بە هەر ئەگەر و ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراو و ئیدارەدانی حاڵەتی ئەو ڕێژە بارانبارینەی ئەمە و کێنتەڕکردنی بارودۆخەکە پێشکەش بە بەڕێزیان کرا.

هەروەها پارێزگاری هەولێر، تیشکی خستە سەر سەرجەم ئەو پلان و بەرنامە و پێژە و ڕێگە چارەسەرییە پێویستانەی کە لەماوەی ڕابردوودا بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی جێنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر بە بەرێنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ڕووداوی لافاو و هەکارەکانی جبەجێکراون و بەهێیانەوە تا ئاستێکی زۆر مەترسیەکانی دروستبوونی لافاو لە شاری هەولێر کەمبەتەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای دەستخۆشی، فەرمانی کرد ئەوەی پێویست بێت بە پاراستن و

سەلامەتی گیانی هاوڵاتییان بکرێت و ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ هەر هاوکارییەکی بەپەلە و پێویست دووپاتکردووەتەوە.